# بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

بەڕێز: سەرۆکایەتی پەرلەمان

بەڕێز: لیژنەی پێشمەرگەو شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسی

بەڕێز: لیژنەی کاروباری ئافرەتان

**بابەت/ ڕاپۆرتی سەردانی شاندیکی پەرلەمان لە لیژنەی کاروباری ئافرەتان و پێشمەرگەو شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید بۆ بەغداد بۆ کەیسی ژنانی شەنگال**

## ناوی شاندەکەومەبەستی سەردانەکە:

ڕۆژانی (١٢،١٣،١٤/ ١١/ ٢٠١٤) شاندیکی پەرلەمانی کوردستان کە پێك هات بوو لە (ئیڤار ابراهیم ، بەهار عبدالرحمن ، مریم صمد) سەردانی بەغدادیان کرد بە مەبەستی دروست کردنی هەماهەنگی و هاوکاری کردنی پەرلەمانی کوردستان لەگەل لایەنە پەیوەندیدارەکان لەگەل حکومەتی ئیتحادی بە مەبەستی کاراکردنی هەنگاوەکانی کارکردن بۆ کەیسی ئافرەتانی شەنگال.

## ئامانجی سەردانەکە:

کارکردن بۆ ئافرەتانی شەنگال لە سەر دوو ئاست:

١- کارکردن بۆ ڕزگارکردنی ئەو ئافرەتانەی لەژێر دەسەلاتی داعشدان.

٢- کارکردن بۆ ئەو ئافرەتانەی ڕزگارکراون، کە لە دۆخێکی نەخوازراودان لە ڕووی دەرونی و تەندروستی و کۆمەلایەتی و خزمەتگوزاری.

## ئەو لایەنانەی سەردانماکردن و ئەنجامەکەی:

١- وەزیری ژنان لە حکومەتی ئیتیحادی بەڕێز بەیان نوری توفیق: دوای ئەوەی پیرۆزبایمان ئاراستەی کرد بە بۆنەی دەست بەکاربونی وەك وەزیرێکی ژن لە حکومەتی عیراقی، لەگەل بەڕێزیان باسی ئەو کارو هەنگاوانەمان کرد کە پەرلەمانی کوردستان ناویەتی لە بواری پرسی شەنگال بە گشتی و پرسی ژنانی شەنگال بەتایبەتی، بە تایبەت ئەو کۆنفرانسەی لیژنەی کاروباری ئافرەتان لە پەرلەمانی کوردستان لەگەل ریکخراوەکان

و نوێنەرانی حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان، خال بەخال ڕاسپاردەکانی ئەو کۆنفرانسە خوێندرایەوەو تاوتوێ کرا، هەر خالێك پەیوەست بوبێت بەوان لای خۆی تۆماری دەکرد بە مەبەستی کار لەسەر کردنی، هەروەك بەڕێزیان ئاماژەی بەوەدا کە خۆی گرنگی تایبەت دەدات بەو پرسەو بەلینی دا هەر کارێك لە سنوری ئەرك و دەسەلاتەکانی ئەودا بێت هاوکارو پشتیوان دەبێت و هەولی جددی بۆ ئەدەن.

٢- لیژنەی کاروباری ئافرەتان لە ئەنجومەنی نوێنەران: دوای یەکتر ناسین هەر یەك لە ئەندامانی شاندی پەرلەمانی کوردستان چەند خولەکێك ئاماژەمان بە مەبەست و ئامانجی سەردانەکە داو، داوامان کرد هەماهەنگی و هاوکاری زیاتر هەبێت لەنێوان پەرلەمانتاران لە هەرێمی کوردستان و ئەنجومەنی نوێنەران سەبارەت بە پرسی ژنان بە گشتی و پرسی ژنانی شەنگال بە تایبەتی، ئەنجامی کۆبونەوەکە بەم شێوەیە بوو: لیژنەی ژنان لە ئەنجومەنی نوێنەران بڕیاریان دا کەداوا بکەن لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران تا لە نزیکترین کاتدا سەردانێکی مەیدانیان بۆ ریك بخەن بۆ هەرێمی کوردستان و لە نزیکەوە دۆخی ئەو ژنانە ببینن کە لە دەستی تیرۆرستانی داعش ڕزگاربوون و، دواتر ڕاپۆرتێك ئامادە بکەن بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان، و لەو ڕێیەوە داوا لە وەزارەتە تایبەتمەندەکان بکەن، بۆ دابین کردنی هاوکاری بۆ ژنانی ڕزگار بوو لە دەستی داعش بەم شێوەیە:

- داوا بکەن لە وەزیری کۆچ و کۆچبەران تا ئەو برە پارەیەی بۆ ئاوارەکان بە گشتی تەرخان کراوە برێکی تایبەت تەرخان بکرێت بۆ ئەو ئافرەتانە.
- داوا بکەن لە وەزیری کارو کاروباری کۆمەلایەتی تا موچەیەك ببڕێتەوە بۆ ئەو ئافرەتانە بەبێ هیچ مەرجێك.
- داوا بکەن لە وەزارەتی تەندروستی هاوکاری ئەو ژنانە بکات لە ڕووی دەرونی و جەستەی.

هەروەك ئاماژە درا بە گرتنە بەری ڕێکاری گونجاو لەسەر ئاستی بالا لە حکومەتی عێراقی و ولاتانی هاوپەیمان لەسەر ئاستی نێودەولەتی بۆ ڕزگارکردنی ژنانی ژێر دەستی تیرۆرستانی داعش.

٣- سەردانی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران بەڕێز ئارام قادر: دوای ئاماژەدان بە ئامانج و مەبەستی سەردانەکە لە لایەن ئەندامانی شاندەکەو خستنەڕووی خراپی دۆخی ئەو ژنانە ، بەڕێزیان ئاماژەی بەوەدا کە لە ڕۆژانی داهاتودا دەچێتە دەرەوەی ولات بەمەبەستی ئامادە بون لە کۆبونەوەی ناتۆ و لەوێ باسی ئەو پرسە دەکات، هەروەك ئاماژەی بەوەدا کە لە کاتی سەردانی سەفارەت و قونسولیەتەکاندا ئەو پرسە بە هەند وەردەگرێت بە مەبەستی کارکردن بۆی لەسەر ئاستی نێودەولەتی و ئامادەی هەموو هاوکاری و پشتیوانیەکە.

٤- سەردانی وەزیری کۆچ و کۆچبەران بەڕێز د.دەرباز : دوای ئاماژەدان بە هۆکاری سەردانەکە، داوا لە بەڕێزیان کرا ئەو بڕە پارەیەی بۆ ئاوارەکان بە گشتی تەرخان کراوە بڕێکی بۆ ژنانی شەنگال تەرخان بکرێت، بەڕێزیان ئاماژەی بەوەدا کە ئەو بڕە پارەیە هەمووی صرف کراوە، بەڵام ئامادەی هەموو هاوکاری و پشتیوانیەکە لە توانایاندا هەبێت.

٥- سەردان و بینینی فراکسیۆن و پەرلەمانتارە کوردەکان: ئاماژەدان بەوەی کە لەمەودوا هەماهەنگی و هاوکاری زیاتر هەبێت لە نێوان پەرلەمانتاران لە هەرێمی کوردستان و ئەنجومەنی نوێنەراندا.

مریم صمد | ئیڤار ابراهیم | بەهار عبدالرحمن